RJH | Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website
Vol. 13, No. 3 (2026)

Received: 25th July 2025 Accepted: 28th September 2025 Published online: 20th September 2026

کاریگەری میدیا لەسەر ئاسایشی نیشتمانی

عبدالخالق ئیبراهیم مستەفا[1]
abdulkhaliq.mstaffa@epu.edu.iq
[1]بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

پوختە:
ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەرخستنی گرنگترین ئەو فۆرم و میکانیزمانەی وا دەکەن میدیا ببێتە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی یاخود هۆکارێك بۆ پاراستنی، ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی تیۆرییە، مەبەست لێی کۆکردنەوە و تاوتوێی تازەترین ئەدەبیاتی پەیوەست بەو بابەتەیە، بۆ ڕونکردنەوەی هەردو چەمکەکە و سروشتی ئەو پەیوەندییەی هەیە لەنێوان هەردو گۆڕاوەکەدا، بە هەردو دۆخ و دیوە ئەرێنی و نەرێنییەکەی.
لەم توێژینەوەیە، جگە لە گرنگیدان بە چەمکی میدیا و دەرخستنی گرنگترین ئەرك و بەرپرسیاریەتییەکانی لە هەڵومەرج و قۆناغە جیاجیاکان، سەرنجەکە زیاتر چڕکراوەتەوە لەسەر ڕۆڵی میدیا و کاریگەرییەکانی. بەتایبەتی لەو ساتانەی میدیا دەبێتە فاکتەرێکی زیانگەیاندن بە ئاسایشی نیشتمانی و ئەو کاتانەش هۆکارێکە لە هۆکارەکانی پاراستنی، سەرنج خراوەتە سەر میدیای دیجیتاڵی بەتایبەتتر، بەهۆی ئەو ئاریشە و ئاڵنگارییانەی لەگەڵ هاتنیدا، لە پەیوەندی نێوان میدیا و ئاسایشی نیشتمانی دروستبوە.
لایەنێکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە تیشك خستنەسەر ئەو فاکتەرانەی کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دروستدەکەن لەسەر سیاسەت و ئامانج و ناوەڕۆکی میدیا، لەوانەش ژینگەی یاسایی و دۆخی سیاسی و گەشەی ئابووری و پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، کە هەریەکە و بەجۆرێك ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاڕاستە و ئەدای میدیا دەبێت لەهەمبەر ئاسایشی نیشتمانییدا.
ئەو دەرەنجامە سەرەکییەی توێژینەوەکە پێیگەیشتوە بریتییە لەوەی توانای میدیا بە فۆرمە کۆن و دیجیتاڵییەکەی لە زیانگەیاندن یاخود پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی پەیوەستە بەو فاکتەرە سیاسی و یاسایی و ئەخلاقی و پیشەییەکان و دەوەستێتە سەر ئەو ئامانجانەی لەپێناویدا بەکاردەهێنرێت و توانای حکومەتەکان لە سودوەرگرتن لێی.
کلیلە وشەکان: کاریگەری، میدیا، ئاسایشی نیشتمانی.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

The Influnce of Media on National Security

Abdulkhaliq I. Mustaffa[1]
[1]Media Techniques Department, Technical Administrative College, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

Abstract
This study aims to explain the most important forms and contents of media, through it, the media become a source of threat to national security or a fortress for it. This study has been conducted within a descriptive methodological framework to illustrate both concepts and the nature of the relationship between the main variables of this study which are: media and national security.
In this study, it was explained the concept of media in general, particular attention has been paid to digital media, especially due to the challenges and complications that have arisen with its emergence, affecting the relationship between media and national security.
The results of the study conclude that the influence of media—whether in its traditional or digital forms—on harming or protecting national security depends on the purposes for which it is used and the ability of governments to utilize it effectively.
Keywords: Impact, Media, National Security.

پێشەکی:
پەیوەندی نێوان میدیا و ئاسایشی نیشتمانی سەرباری ئەوەی دەچێتە خانەی چەندین پسپۆڕیی و بواری جیاجیاوە، لەسەروی هەموشیانەوە زانستە ڕامیارییەکان و میدیا؛ لەگەڵ ئەوەش ئەو بابەتە بە هەردو دیوەکەیەوە جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، لەلایەك میدیا وەك سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسی لەسەر ئاسایشی نیشتمانی، لەولاشەوە، وەك پارێزەرێکی کارا و کاریگەری ئاسایشی نیشتمانی بەکۆی ستراتیژ و پڕۆسە و دامەزراوەکانی.
ئەو پەیوەندییە بەهۆی هەستیاریی و بایەخە قوڵ و فرەڕەهەندەکەیەوە، بەردەوام لە توێژینەوە زانستیەکان و لە توێژینەوەکانی میدیا زیاتر شەن و کەوی ئەو پەیوەندییە کراوە لە سۆنگەی ئەرك و بەرپرسیاریەتییەکانی دامەزراوە میدیاییەکان و دۆخ و فاکتەر و شێوازی کارکردنیانەوە. توێژینەوەکان بە زمانی کوردی کەم و سنوردارن، بەهۆی کەمی سەرچاوە و توێژینەوەکانی پێشوەوە، ئەو توێژەرانەی دەست بۆ ئەو بابەتە دەبەن زیاتر ماندودەبن و پێویستیان بە کات و کۆششێکی زیاتر هەیە.
میدیای دیجیتاڵیش بەهۆی زاڵبونی تایبەتمەندیی خێرایی بەسەر فلتەرکردن و وردبینی هەواڵ و زانیارییە بڵاوکراوەکان زیاتر نیگەرانی لای دامەزراوە پەیوەندییدارەکان دروستکردوە، لەولاشەوە بەهۆی فرەوانی کەرەستە و خزمەتگوزارییەکانی، دەکرێ وەك چەکێکی کارای پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی بەکاربهێنرێت.
ئەم توێژینەوەیە لە سی بەشی سەرەکی پێکدێت، بەشی یەکەم بۆ چوارچێوەی میتۆدیی توێژینەوەکە تەرخانکراوە، بەشی دووەم تایبەتە بە لایەنی تیۆریی توێژینەوەکە و خستنەڕوی ئەو بۆچونانەی هەوڵی ڕونکردنەوەی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ئەو پەیوەندییە دەدەن، لە بەشی سێیەمیشدا گرنگترین دەرەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان خراونەتەڕو.

1. چوارچێوەی میتۆدیی توێژینەوەکە
   1.1. کێشەی توێژینەوەکە

کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەو تەمومژ و ناڕونییە دەبینێتەوە لە کاریگەریی میدیا هەیە لەسەر ئاسایشی نیشتمانییدا، بەوپییەی ئەو کاریگەرییە لەوانەیە لەشێوەی هەڕەشە و مەترسی بەرجەستە بێت یاخود لەشێوەی دەرفەت و خاڵی هێز، بەجۆرێك میدیا دەبێتە سەرچاوە و فاکتەرێکی پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، میدیا کەی و چۆن دەبێتە هەڕەشە یان فاکتەرێك بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی؟
   1.2. گرنگیی توێژینەوەکە

دەکرێ لە دو گۆشەنیگاوە لە بایەخی ئەم توێژینەوەیە بڕوانرێت، ئەوانیش:

1- گرنگیی زانستی ئەم توێژینەوەیە لە هەستیارِیی و بەهای بابەتەکە و سروشتی پەیوەندیی میدیا و ئاسایشی نیشتمانییدایە، سەرباری ئەوەی، ئەم بابەتە لە توێژینەوە شیکارِیی و مەیدانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا کەمترین بایەخی پێدراوە، ئەدەبیاتی زانستی کوردی لەم قۆناغەدا لەسایەی فرەوانی پانتایی کاری میدیا و زۆری پرس و مژار و قەیرانە مەترسیدارەکان بەسەر ئاسایشی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان، ئەم توێژینەوانە هەڵگری بەهای زانستی زۆرن بۆ تێگەیشتن و وەسفکردنی واقیعی پەیوەندییدار بەو دو گۆڕاوە و ڕاڤەکردنی کاریگەرِیی ئەرێنی و نەرێنی دولایەنەیان لەسەر یەکدی و سودوەرگرتن لە توێژینەوەی لەم چەشنە بۆ پێشبینیکردنی سیناریۆکانی پەیوەندیی نێوانیان لە ئایندەدا.

2- گرنگیی میدیایی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ میدیاکاران و ئەوانەشی لە میدیای تەناهی (ئەمنی) وەك میدیاکار یان هەڵسوڕێنەری ئەو میدیایە کاردەکەن بۆ تێگەیشتن لەو پەیوەندییەی نێوان میدیا و ئاسایشی نیشتمانی و پێداویستییە پیشەییەکانی زامنکردنی ژینگەیەکی تەندروست بۆ دروستبونی پەیوەندییەکی تەواوکاری لەنێوانیاندا.

1.3. ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

1. دەرخستنی کاریگەرییەکانی میدیا لەسەر ئاسایشی نیشتمانی.
2. تێگەیشتن لەو پەیوەندییەی لەنێوان میدیای دیجیتاڵی و ئاسایشی نیشتمانییدا هەیە.
3. زانینی گرنگترین ئەو میکانیزمانەی میدیا دەکات بەسەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی.
4. زانینی گرنگترین ئەو میکانیزمانەی میدیا دەکات بە فاکتەری پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی.

1.4. میتۆدی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی تیۆری ی چەنکگەراییە (Theoretical and Conceptual Study)، بەوپێیەی زۆربەی ڕەگەز و پێکهێنەرەکانی پەیوەندیی نێوان میدیا و ئاسایشی نیشتمانی شیدەکاتەوە بە پشتبەستن بە ئەدەبیاتی زانسای نوێ و باوەڕپێکراو، لەپاڵ ئەوەش هەردو چەمکەکە و سروشتی پەیوەندیی نێوانیان و زەمینە و میکانیزمەکانی میدیا بۆ پاراستن یان بۆ بون بە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نیشتمانی ڕونکردنکردۆتەوە.

1.5. توێژینەوەکانی پێشو

1.5.1. توێژینەوەی عوض الله (2019) بە ناونیشانی "کاریگەری میدیا لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی میسری توێژینەوەیەکی پراکتیکیە لەسەر نمونەیەك لە شارەزایان"،ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە دەرخستنی ڕۆڵی میدیا لە پاراستنی ئاسایی نیشتمانیی میسر لە ڕوانگەی (30) شارەزای بواری ستراتیژییەتی ئاسایشی نیشتمانی و میدیا لە زانکۆکانی میسر، میتۆدی توێژینەوەکە وەسفی شیکارییە و ئامرازی توێژینەوەکە بریتییە لە چاوپێکەوتنی قوڵ لەگەڵ نمونەیەك لە شارەزایان کە بەشێوەی ناهەڕەمەکی مەبەستدار دیاریکرابون. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتوە بریتییە لەوەی میدیا پەیوەستبونێکی ڕاستەوخۆی هەیە بە بواری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئاسایش و جەنگەوە، لەبەرئەوە، میدیا ناڕاستەوخۆ بەشداری لە بەدیهینانی ئاسایشی نیشتمانی، لەڕێگەی ڕومالێ ئەرێنی و بەشداریکردن لە بنیاتنانی نیشتمان و بەرەنگاربونەوەی هەمو هەڕەشە و پەلامارێکی دەرەکی.

1.5.2. توێژینەوەی الحازمي (2012) بە ناونیشانی "میدیای عەرەبی و ئاسایشی نیشتمانی...دیدگە و ئاڵنگارییەکان بەرەو ئەجێندایەکی میدیایی بۆ ئایندە" ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دەرخستنی ڕۆڵی میدیا لە ئاسایشی نیشتمانییدا، لەڕێگەی ئەو ئەرك و تایبەتمەندییانەی میدیای تەناهی هەیەتی لەڕوی ئامانج و ناوەڕۆکەوە، توێژینەوەیەکی وەسفیە و توێژەر هەوڵیداوە لەڕێگەی خستنەڕوی چەمکی میدیای تەناهی و ئاریشە و ئاڵنگارییەکانی بەردەم دانان و گەڵاڵەکردنی ستراتیژییەتی ئاسایشی نیشتمانی، دواتر لەڕێگەی ڕونکردنەوەی چەمکی ئاسایشی نیشتمانی و ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانی لەڕوی یاسایی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەو پەیوەندییەش هەردو گۆڕاوەکە بەیەکەوە گرێدەدات. توێژینەوەکە بەوە گەیشتوە، میدیا بە هەمو ئامراز و فۆرمەکانی و بە تایبەتی میدیای دیجیتاڵی بوەتە ناوەندێکی گرینگانەیی بەیەکگەیشتنی تاك و گروپە جیاجیاکان، بۆیە، وەك سەرچاوە و میکانیزمێکی کارا بەکاردێت بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سەبارەت بە ئاسایشی نیشتمانی و هەروەها ناوەندێکیشە بۆ بڕەودان بە بیری ڕوخێنەر و ئەجێندای ڕەوتە تووندڕەوەکان و پیلانی دەرەکی.

1.5.3. تێزی دکتۆرای السبیعي (2013) بە ناونیشانی "میدیای نوێ و ڕۆڵی لە بەهێزکردنی ئاسایشی نیشتمانی لە شانشینی عەرەبی سعودیە توێژینەوەیەکی پراکتیکیە لەسەر نمونەیەك لە شارەزایانی سعودیە لە شاری ڕیاز" ئامانجی سەرەکی تێزەکە بریتییە لە

لێکۆڵینەوە لە ئاستی بەشداریکردنی میدیای نوێ لە شانشینی عەرەبی سعودیە لە ئاسایشی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فیکری لەو وڵاتە، توێژەر نیتۆدی وەسفی بەکارهێناوە بە هەردو دەروازەکەی (روپێویی و دێکیۆمێنتاری)، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لە دەستەبژێری سعودی لە بوارەکانی میدیا و سیاسی و تەناهی و ئابوری و شەرعی، نمونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (184) شارەزا، تێزەکە بەوە گەیشتوە کە ئامراز و فۆرمەکانی میدیای نوێ رۆڵی هەیە لە تەواوی کۆڵەگەکانی ئاسایشی نیشتمانی بە هەر چوار ڕەهەندەکەی (سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و فیکری).

1.5.4. ماستەرنامەی العامری (2008) بە ناونیشانی "پەیوەندیی نێوان ڕۆژنامەگەریی ئوردنی و ئاسایشی نیشتمانی" ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی سروشتی پەیوەندیی نێوان ڕۆژنامەی ڕۆژانە و هەفتانەی ئوردن بە دامەزراوەکانی ئاسایشی نیشتمانی، توێنەوەکە توێژینەوەیەکی وەسفیە و میتۆدی ڕوپێوی بەکارهێناوە، بە بەکارهێنانی ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبو لە (57) کەس کە فۆرمی ڕاپرسییان بەسەر دابەشکرابو ئەوانیش سەرنوسەر و بەڕێوبەر و سکرتێری نوسینی سێ ڕۆژنامەی ڕۆژانە و سێ ڕۆژنامەی هەفتانە، جگە لە چاوپێکەوتن لەگەڵ ژمارەیەك شارەزا، توێژینەوەکە بەو ئەنجامە گەیشتوە کە پەیوەندییەکی ئەرێنی و هاوکارانە هەیە لەنێوان ڕۆژنامەکانی ئوردن و دامەزراوەکانی ئاسایشی نیشتمانی.

1.5.5. توێژینەوەی سیدلەر (2007) بە ناونیشانی "میدیا و ئاسایشی نیشتمانی"، ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە تاوتوێکردنی ئەو بۆچوونانەی پەیوەندیی نێوان ئەو دو گۆڕاوە دەخەنەڕو، بەتایبەتی لەوکاتەی کە میدیا دەستپێشخەر دەبێت لە بڵاوکردنەوەی هەندی زانیاری، کە زیان بە ئاسایشی نیشتمانی دەگەیەنێت، لێرەوە بەشێك لەو بۆچوونانە جەخت لە پێویستیی بونی پەیوەندیی و هاوکاریی دو لایەنەی نێوان میدیاو حکومەت لەپێناو ڕێگرتن لەهەر خراپ بەکارهێنانێکی زانیاری و بڵاوکردنەوەی زانیاریی زیانبەخش، توێژینەوەکە لە بنەڕەتدا کۆکراوەی بۆچونی بەشدارانی پانێلێکی تایبەت بە پەیوەندیی میدیا و ئاسایشی نیشتمانی بو، توێژەر لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکدا گەنگەشەیان دەکات.

1.5.6. تێزی دکتۆرای (عبدالخالق ابراهیم مستەفا) بە ناونیشانی "ڕۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بە ئاسایشی نیشتمانی لە جەنگی دژی داعش لە هەرێمی کوردستاندا" (2020)

ئامانجی سەرەکی تێزەکە بریتی لە دەرخستنی ڕۆڵی ڕۆڵی میدیای نوێ لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بە ئاسایشی نیشتمانی لە جەنگی دژی داعش لە هەرێمی کوردستاندا، توێژینەوەکە لە جۆری توێژینەوە وەسفیەکانە و تیایدا میتۆدی ڕوپێوی بەکارهاتوە، بە پشتبەستن بە هەردو ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی و شیکردنەوەی ناوەرۆك.

کۆمەڵگەی توێژینەوە مەیدانییەکە بریتی بو لە سەرجەم مامۆستایانی زانکۆ و نوسەران و ڕۆژنامەنوسانی هەرێمی کوردستان، نمونەی توێژینەوەش پێکهاتبو لە (426) مامۆستای زانکۆ و نوسەر و ڕۆژنامەنوس کە بەشێوەی هەڕەمەکی چینایەتی وەرگیرابون، هەرچی کۆمەڵگەی شیکاریی توێژینەوەکەیە بریتی بو لەو هەواڵانەی لە میدیای نوێی کوردی لە کاتی جەنگی دژی داعش بڵاودەکرانەوە، نمونەی توێژینەوەش پێکهاتبو لەو هەواڵانەی لە ماڵپەڕی خەندان و کوردستان 24 لەوبارەوە بڵاوکراونەتەوە.

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی تێزەکە پێیگەیشتوە، میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان ڕۆڵی هەبوە لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بە ئاسایشی نیشتمانی لە جەنگی داعش و یەکێك بوە لەو سەرچاوانەی جەماوەر پشتی پێبەستوە و کاریگەریی لەسەریان هەبوە.

1.6. تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشو:

زۆربەی ئەو توێژینەوانەی لەچوارچێوەی میتۆدی ڕوپێوی ئەنجامدراون و پشتیان بە ئامرازەکانی فۆرمی ڕاپرسی و و چاوپێکەوتنی قوڵ بەستوە، بەشێکیشی بە پشتبەستن بە میتۆدی وەسفی و لەڕێگەی هەڵوەستەکردن و کۆکردنەوە و گەنگەشەکردنی ئەو ئەدەبیاتەی لەسەر ئاستی جیهان و بە تایبەتی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایی و بە ڕێژەیەکی کەمتریش ئەدەبیاتی عەرەبی لەوبارەیەوە نوسراوە، کە ئەم توێژینەوەیە زیاتر لە ئاڕاستەی دوەمیان نزیکترە لەڕوی میتۆد و ئامانج و پێکهاتەوە، ئەمەش لە ڕوانگەی توێژەرەوە بایەخەکەی لە توێژینەوە پراکتیکیەکان کەمتر نیە، بەوپێیەی ئەدەبیاتی نوسراوی پەیوەست بە پەیوەندی نێوان میدیا و ئاسایشی نیشتمانی یەکجار کەم و دەگمەنە لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی لە چوارچێوەی توێژینەوەی زانستییدا.

1.7. ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:

1.7.1. کاریگەری: مەبەست لە کاریگەریی لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لەو گۆڕانکارییەی میدیا دروستی دەکات لەسەر دامەزراوە و ڕەهەندەکانی پەیوەست بە ئاسایشی نیشتمانی لە هەر دەوڵەتێکدا.

1.7.2. میدیا: مەبەست لێی هەمو ئامراز و ناوەندێکی میدیاییە کاری سەرەکی بریتییە لە کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ناوەرۆك و ژانرە میدیاییە جیاوازەکانە.

1.7.3. ئاسایشی نیشتمانی: مەبەست لە ئاسایشی نیشتمانی هەمو ئەو بوار و فاکتەر و پرۆسە و بریارانەن پەیوەستن یان کاریگەرن لەسەر ئاسایش و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی و هێز و پێگەی دەوڵەت و کۆمەڵگە.

2. پەیوەندی نێوان میدیا و ئاسایشی نیشتمانی

میدیا بە هەردو فۆرمە کۆن و دیجیتاڵییەکەی، بەوە جیادەکرێتەوە بەخێرایی و لە بەکاتدا، دەگاتە ژمارەیەکی زۆری جەماوەر، لەنێوان هەردوکیشیاندا ئەرکەکانی میدیا هەروەکو خۆیەتی و گۆڕانی بەسەردا نەهاتوە، ئەوەی گۆڕاوە زیاتر شێواز و چۆنایەتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانە، هەردوکیان زانیاری دەگەیەنن و هەواڵ بڵاودەکەنەوە، چیرۆکەکان دەگێڕنەوە و ڕوداوەکان دەخەنەڕو، کار لە ڕای گشتی دەکەن و هۆشیاری پێکدێنن، بەهاکان دەچێنن و خولیا و ئارەزوەکان دادەڕێژن و دەوروژێنن.

مەبەست لە ئاسایشی نیشتمانی پاراستنی قەوارەی دەوڵەت و کۆمەڵگە و سەربەخۆیی و سەروەری خاکەکەیەتی، بەهێزکردنی تواناکانی دەوڵەتە لە جێبەجێکردنی ئەرکە گرنگ و ستراتیژییەکان، زەمینەسازکردن بۆ ئەو بارودۆخانەی یارمەتیدەرن بۆ بەردەوامبونی ژیان و گەشەسەندنی، دواتر وەبەرهێنان لە سەرچاوە مرۆیی و ئابوورییەکان، بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی، پارێزگاریکردن لەیەکگرتویی پێکهاتەی نیشتمانی، بەهێزکردنی یەکانگیریی کۆمەڵایەتی، ئەمانە هێڵی گشتی و سەرەکیین، کاتێك بمانەوێ پرس و ئامانجەکانی ئەو چەمکە دیاریبکەین. (Goldman, 2014, 43) (Devost, 1995, 19)

لەبەرئەوە، میدیا خۆی لە بەرامبەر پرسی ئاسایشی نیشتمانیی و مامەڵەکردن لەگەڵیدا دەنێتەوە، لەبەرامبەردا، پرسی ئاسایش خۆی لەژێر کاریگەریی و هەژمونی میدیادا دەبینێتەوە، بەوپێیەی میدیا مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕوداو و قەیران و هەڕەشانە دەکات کە دەبنە سەرچاوەی مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی و بە شێوازێکی دیاریکراو بۆ هاوواڵاتی دەیگوازێتەوە، میدیا لایەنی جیاجیای ڕوداوەکان لێکدەداتەوە، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت، میدیا بنەماکانی ئاسایشی نیشتمانی و ڕەهەندەکانی لە هۆشیاریی تاکدا دەنەخشێنێت، لێرەشەوە ئەو پرسیارە دروست دەبێت: میدیا چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر ئاسایشی نیشتمانی و چ ڕۆڵێکی هەیە لە پاراستنیدا؟ (مستەفا، 2025، 11)

لە ڕاستیدا، میدیا ژمارەیەکی بەهادارە لە پرسی ئاسایشی نیشتمانییدا و پێکهێنەرێکی سەرەکییە لە هاوکێشەکانی بنیاتنان و ڕەنگڕێژکردنیدا، هەروەك چۆن توخمێکی بایەخدارە لە ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتییدا بەشێوەیەکی گشتی، لە حیساباتی ئاسایشی نیشتمانییدا، میدیا کۆڵەگەیەکی سەرەکییە لە هاوکێشەی "هێزی گشتگیری"ی دەوڵەتدا، میدیای کارا و سەرکەوتو فاکتەری بەهێزبون و زیادبونی هێز و هەژمونی دەوڵەتە، لە هاوکێشەکانی سیستەمی ئاسایشدا، میدیا دەچێتە خانەی هەڕەشە و مەترسییەکان، لە هەمان کاتدا، وەك یەکێك لە میکانیزم و کەرەستەکانی پاراستنی ئاسایش بۆی دەڕوانرێت. (زرنوقة، 2023)

ئەمەش مانای وایە، کاریگەرییەکانی میدیا لە پرسەکانی ئاسایشی نیشتمانی و ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانی، ڕەنگە ئەرێنی بن یان نەرێنی، میدیا میکانیزمێکی باش و پێویستی پاراستنی ئاسایشە، ئەگەریش هەیە وەك شمشێرێك لە دژی بەشە لاوازەکەی جەستەی ئەو ئاسایشە بەکاربێت؛ نەخاسمە، لەکاتی خراپ بەکارهێنانیدا، ئەمەش جگە لەوەی پەیوەستە بە کۆمەڵێك کارتێکەری سیاسی و یاسایی و ئەخلاقی و پیشەیی، بەڵام ئەوەی کۆدەنگی لەسەرە، ئەوەیە، توانای میدیا لە هەڕەشەکردن لە ئاسایشی نیشتمانی کەمتر نییە لە توانای بۆ پاراستنی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت میدیا ژمارەیەکی سادە و ئاسایی نییە لە هاوکێشەکانی ئاسایش، بەڵکو بەهۆی ئەو دوالیزمەی ڕۆل بینینەوە، یەکێکە لە گرانترین و گەورەترین ژمارەکان. (1)(Yawar Khan, 2013, 3)

لێرەدا وەڵامی ئەو پرسیارە دەدرێتەوە: کەی میدیا دەبێتە میکانیزمێکی کارای پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی؟ چ وەختێکیش سەرچاوەی مەترسی و هەڕەشەیە بۆی؟ بە دەربڕینێکی دیکە، ئەگەر باوەڕ وابێت "ناوچەی بەیەکگەیشتن" لەنێوان میدیا و ئاسایشی نیشتمانیدا هەیە، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: میدیا چۆن ڕۆڵی کارا دەبینێت لە پتەوکردنی بنەماکانی ئاسایشی نیشتمان یان لە لاوازکردنی؟ چۆن پرسەکانی ئاسایشی نیشتمانی سەردەخات و پاڵپشتی لێدەکات، چۆنیش دەبێتە خۆرەی بنەما و ڕەهەندەکانی و هۆکاری لاوازبونی؟ ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکی زانستیە بۆ دەرخستنی سروشتی پەیوەندیی نێوان میدیا و ئاسایشی نیشتمانی و کاریگەری یەکەم لەسەر ئاسایشی نیشتمانی بە پاراستنی یان هەڕەشە دروستکردن لەسەری.

2.1. سەرچاوەی هێز و کاریگەیی میدیا

ئامرازەکانی میدیا فرە و هەمەچەشنن، -بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە کاریگەریی میدیاوە هەیە لەسەر ئاسایشی نیشتمانی- مەبەست لێیان ئەو ئامرازانەی میدیان خودان جەماوەرێکی فرەوانن، یان "ئەو میدیایە لە یەك کاتدا دەرفەتی پەیوەندیی و گەیشتن بە پانتاییەکی بەرفرەوانی جەماوەر دەڕەخسێنێت"(مکاوي، 2015، 29)

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

ئەم دیدگایە لەسەر ئامرازە کۆنەکانی میدیا وەک ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن جێبەجێ دەبێت بە کەناڵە ئاسمانییەکانیشەوە، کە هەم خاسیەتی جەماوەریبونی تێدایە و هەمیش کاریگەریی دروستکردن لەسەر ناوەندەکانی بڕیار –ئەوەی بە دەسەڵاتی چوارەم ناودەبرێت- ، هەروەها میدیای هاوچەرخ کە بە میدیای ئەلیکترۆنی، دیجیتاڵی و مەڵیمیدیا وەسف دەکرێت، لەنێویشیاندا، پێگە ئەلیکترۆنییە هەواڵییەکان و پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا و ئەو ناوەڕۆکە میدیاییانەی لەڕێگەی مۆبایلی زیرەکەوە بەرهەمدەهێنرێن و بڵاودەکرێنەوە و بەکاردەهێنرێن.

سەرجەم ئەو ئامرازانە بە کۆن و هاوچەرخەوە، وشەی چاپکراو و بیستراو، وێنە و ڤیدیۆی بینراو، هێلکاری و هێما بەکاردەهێنن، پشت بە ئاماژە و وروژاندن دەبەستن، پەیامەکان بە شێوازی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاو یاخود ناڕاستەوخۆ و شاراوەیی دەگەیەنن، خەریکی بە سیاسسییکردنی پرس و ڕوداوەکانن، هەندێجاریش پەنادەبەنە بەر چەواشەکاری و فریودان و تێکەڵکردنی بە ئەنقەستی دۆسیە و مژارەکان. ئەوەندە هەیە میدیای کۆن زیاتر پەیام دەنێرێت لەوەی وەربگرێت، ناوەڕۆکی پەیامەکانی خۆی دیاریدەکات، لە بەرامبەردا، میدیای دیجیتاڵی خەڵک و زانیاری لەسەر سەکۆی یەک پلاتفۆرم کۆدەکاتەوە، بەشێوەیەکی لەخۆوەیی و کارلێکی دولایەنە. (Shirky, 2011, 40)

مانای وایە،میدیا "سەکۆی سەرەکی" بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریە، میکانیزمێکی زەبەلاحە، هەمو ڕوخسارەکانی گوزارشتکردن و ئاماژە و هێماکردنی تێدا بەکاردەهێنرێت، لە شیکردنەوەی پرس و ڕوداوەکاندا، لە هەمو کایەیەکی دیکە زیاتر توانای چونە نێو دامەزراوەکانی دیکە و تەواوی گۆشە و قوژبنێکی کۆمەڵگەی هەیە. یەکێکە لە کەرەستە کاریگەرەکانی دەستگرتن بەسەر عەقلی جەماوەر و کەمەندکێشکردنی هەست و سۆزیان و وروژاندنی دەرون و چونە نێو ماڵەکانیان و ژیان لەگەڵیان بەدرێژایی کاتەکانی ڕۆژ. کەواتە، میدیا و ئاسایشی نیشتمانی دەستەملانن، ئەو دەستەملانێیە، هەندێجار وا دەردەکەوێت گوزارشت لە پەیوەندییەکی گەرموگوڕ دەکات، هەندێ کاتیش وا دەبینرێ بەریەککەوتن و شەڕی دەستەویەخەیە، لێرەدا، جۆرێك لە تێکەڵاوی و ناڕوونی دروست دەبێت.

بۆ ڕەواندنەوەی ئەو ناڕوونییە، دەبێت بەوشێوەیە لە میدیا بڕوانرێت کە میکانیزمێکی کارای پاراستنی ئاسایشی نیشتمانییە، لە هەمانکاتدا، سەرچاوەیەکی مەترسی و فاکتەرێکی هەڕەشەیە لەسەری، بەهۆی کۆمەڵێك هۆکاری ڕون، لەوانە لاوازی میدیا و خراپی کوالێتی ناوەڕۆکەکەی، یان لەڕێلادانی و بەکارهێنانی لەلایەن گروپ و کۆمەڵێکی دیاریکراو، لەبەرئەوەی میدیا و ناوەڕۆکەکەی بەردەستە بۆ هەمو کەس، بەردەستە بۆ ئەوانەی بەرگری لە ئاسایشی نیشتمانی دەکەن و دەیپارێزن، بەردەستیشە بۆ ئەوانەی هەڕەشە بۆ دروستدەکەن. لەگەڵ دەرکەوتنی میدیای دیجیتاڵی، مەترسی و هەڕەشەکانی میدیا زۆر زیاتر بون بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی، ئەگەر ئامرازەکانی میدیای کۆن بتوانرێ کۆنترۆڵ و چاودێری بکرێ، ئەوا چاودێریکردن و ئاڕاستەکردنی میدیای دیجیتاڵی زۆر ئەستەمە، لێرەوە، میدیا لەوە دەرچوە لە هەندێ پرسدا کەوتبێتە ململانێ لەگەڵ ئاسایشی نیشتمانی، یاخود سەبارەت بە هەندێ ئامانج و ستراتیژ باس لە پەیوەندیی و هاوکاریی بکرێ، ئێستا میدیا بوەتە یاریزانێك و کارەکتەرێکی سەرەکی بە ئارەزوی خۆی تەڕاتێن دەکات لە گۆڕەپانی ئاسایشی نیشتمانییدا بە هەمو ڕەهەندەکانییەوە.(Pernisco, 2010, 11)

2.2. کاریگەری میدیا لەسەر پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی

ئەرکی میدیا لەوە چڕدەبێتەوە، جەماوەر ئاگاداربکەنەوە لە هەواڵ و زانیاری و ئەو بابەتە هەمەچەشنانەی کاریگەریی لە هۆشیاریی وەرگر دەکەن، کاردانەوەی دیاریکراو لای دەوروژێنن، لێرەوە، ئەوە بەدیدەکەین میدیا بەرپرسە لە ئاڕاستەکردنی ڕای گشتی، جوانکردنی سەلیقەی گشتی، ڕێنوێنیکردنی جەماوەر و فێرکردن و هۆشیارکردنەوەی بەو پرسانەی پەیوەندییدارن بە ئاسایشی نیشتمانەکەی.(Bryant and Zillmann, 2002, 7-8)

میدیا لە هەر کۆمەڵگەیەك دەتوانێت بە باشترین شێوە دۆخ و وێنەی سیاسی بخاتەڕو، لەبەرئەوەی ئەو پرسانە دیاریدەکات جێگەی بایەخی جەماوەرن، بەشێوەیەك باسیان دەکات تێگەیشتن و هۆشیارییەکەی پێکدێنێت بەرامبەر ئەو پرسانە، لەوەی چ هەڵوێستێك بەرامبەریان وەربگرێت، جگە لەوەی هیچ ئەجێندایەکی سیاسی سەرکەوتو نابێت، ئەگەر هێزە نەرم و فرەوانەکەی میدیا زەمینەی پەسندکردنی لای جەماوەر بۆ خۆش نەکات. (Olayiwola, 2013, 22-23)

میدیا لە پاڵ ئەمانەشدا، چاودێری کارەکانی حکومەت دەکات بۆ ڕێگرتن لە لادانی لەسەر هێڵی بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان و دڵنیابون لەوەی پارێزگاری لە بەرژەوەندی گشتی دەکات و ڕژدە لەسەر بەدیهێنانی ئامانج و بەها باڵاکانی کۆمەڵگە، لەو پێناوەدا میدیا ڕۆڵ و بەشداریەکی بەهاداری هەیە لە بونیاتنانی مانای بەرژەوەندی گشتی و ناوەڕۆکەکەی، و دروستکردنی کۆدەنگی لەبارەیەوە، هەروەها بەردەستخستنی ئەو دۆخ و ژینگەیەی لەڕێگەیەوە هاوواڵاتی بتوانێت کار و سیاسەتەکانی حکومەت لەولایەنەوە

هەڵبسەنگێنێت، یارمەتیدانی هاوواڵاتی لەوەی هەڵوێست و کاردانەوەکانی بگەیەنێتە حکومەت بەرامبەر کار و سیاسەتەکانی لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن، تەندروستی، ڕۆشنبیرکردن و چاندنی پەرەنسیپ و بەها باڵاکان،(یوسف، 2006، 157)

میدیا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە بەهێزکردنی ڕایەڵەی لێکتێگەیشتن و بنەماکانی پەیوەندی نێوان حکومەت و هاوواڵاتی، هاوشێوەی ئەوە، وەك "سەکۆیەکی نیشتمانی بۆ دیالۆگێکی بەردەوام سەبارەت بە پرسە جیاوازەکان" کاردەکات، لەلایەك بەرچاوڕوونی بە هاوواڵاتیان دەدات سەبارەت بەو ڕوداو و پێشهاتانەی لە دەوروبەری دەگوزەرێن، لە هەمان کاتدا، کاردەکات بۆ پێشکەشکرجنی ئەڵتەرناتیڤەکان و دۆزینەوەی میکانیزمە کاراکان بۆ ڕاستکردنەوەی کار و سیاسەت و بریارەکانی حکومەت؛ ئەو ئەڵتەرناتیڤ و میکانیزمانەش لە دەرەنجامی دیالۆگ و ڕا و ئاڕاستە جیاوازەکانی خەڵکەوە بەرهەمدێن. (العامري، السعدي، 2010، 233-234)

دوای ئەمانە، میدیا پارێزەری بەها باڵاکانە، کە خۆی دەبینێتەوە لە پاراستنی سەقامگیریی کۆمەڵگە و پاریزگاریکردن لە دەستکەوتە نیشتمانییەکان، پاڵپشتیکردن لە یەکانگیری کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی شارستانی و ڕێنوێنیکردنی بەکاربردن و ڕێزگرتن لە موڵکی گشتی و خاوێن ڕاگرتنی ژینگە...هتد، ئەمانە و چەندین بەهای دیکە، میدیا دەتوانێت ڕۆڵ ببینێت لە بەرزراگرتنیان لەڕێگەی پێشکەشکردنی زانیاری ڕاست و دروست، ئاڕاستەکردنی هۆشیارانە و بەرەنگاربوونەوەی هەمو هەوڵێکی گوماناوی لەلایەن کەس و لایەنی دیکەوە، بە گوزارشتێکی دیکە، میدیا هەوێنی پابەندبونە بەو بەهایانە، فاکتەرێکیشە بۆ دڕێەتیکردنی لادانەکان و دورکەوتنەوە لێیان. (Ali, 2013, 56)

لە سەردەمی زانیارییدا بایەخی میدیا تادێت زیاتر دەبێت؛ لێرەوە میدیا دەبێتە ژمارەیەکی کاریگەر، ئەمەش تەنها لەبەرئەوە نییە کە زۆربەی ئەو زانیارییانەی بڵاودەکرێنەوە لەڕێگەی میدیاوەیە، بەڵکو لەبەرئەوەیە میدیا خێراترین هۆکارە بۆ گەیاندنی، لە هەموشیان زیاتر لەنێو جەماوەردا بڵاوە و بەردەستە بۆ هەموان. لە هەمویان توانای زیاترە لە ڕەنگکردنی زانیارییەکان و جوانکردن، ناشیرینکردن و ساختەکردن، بەگەرخستن، بەبازاڕکردن ئەو زانیارییانە، لێرەوە ئەو میدیایانەی پشت بە تەکنەلۆژیای نوێی پەیوەندییکردن دەبەستن بایەخێکی تایبەتیان پێدەدرێت لەلایەن سەرجەم دەوڵەتان، بە تایبەتی لە سایەی بڵاوبونەوەی خێرای ئامراز و فۆرمە جیاوازەکانی و زیادبونی ئامادەیی و هەستیاربونی هاوواڵاتی بۆ کاریگەربون بە ناوەڕۆکی ئەو ئامراز و فۆرمانەی میدیای دیجیتاڵی، ئەمەش وای لە هەندێ لە شارەزایان کردوە بڵێن کاریگەریی میدیای دیجیتاڵی لەسەر ئاسایشی نیشتمانی هیچی کەمتر نییە لە دۆخی جوگرافی و داهاتی ئابوری و توانا سەربازییەکانی دەوڵەت، لێرەشدا مەبەست لەو میدیایەیە کە بەشێوەیەکی بەرفرەوان بڵاوبۆتەوە و ڕۆڵی "بیمەی تەواو" یان "وێرانکردنی گشتگیر" دەبینێت.(زرنوقة، 2023)

هەندێجار میدیا لە ڕێڕەوی ئەرکە ڕەسەنەکانی خۆی لادەدات، دەخزێتە نێو کۆمەڵێك پراکتیزەی دژ بە ئامانجە باڵاکانی، لێرەشەوە میدیا دەبێتە سەرچاوەیەکی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی، ئەمەش کۆمەڵێك هۆکاری لەپشتەوەیە، کە ڕەنگە لەم گوزارشتەدا چڕ ببێتەوە کە دەدەڵێت "هێزی کاریگەربونی میدیا سەرچاوە و هەوێنی لاوازیەکەشیەتی".

لەلایەك ئەو هێز و هەژمونەی میدیا هەیەتی لەکاریگەری نواندن وای لێدەکات سنوربەزێنێت، پێدەچێت پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی بەهێز هەبێت لەنێوان بەهێزی کاریگەریی میدیا و بەرزبونەوەی تێکڕای پێشێلکارییەکانی، ئەو میدیایەی خۆی وەك سەرچاوەی وروژاندن دەبینێت،ڕەنگە ئەو هەڵپەیەی پاڵی پێوەبنێت بۆ هاندان و چەواشەکاری لەبری شیکردنەوەی بابەتیانە و ئاڕاستەکردنی دروست. بەدەربڕێنێکی دیکە کارەکە لەسەر "شەبەنگ و دەنگی میدیا" یان "شمشێر و قامچی میدیا" دەوەستێت، لە هەردو دەربڕینەکەشدا ئاماژە بۆ هەژمون و دەسەڵاتی میدیا دەکات کە چۆن ڕەنگە وروژێنەرەکان بەکاردێنێت بۆ شاردنەوەی ڕەنگە ڕەسەن و ڕەواکەی بشارێتەوە، جاران میدیا بەوە وەسف دەکرا "هاودەمی تەنهاییە، حەزی زانینمان تێردەکات، بیتاقەتیمان دەڕەوێنێتەوە"، ئێستا بوەتە "دۆستی خراپەکاران و باروتی دەستی ستەمکاران"، لە ڕاستیشدا، میدیا فەرهەنگێکە لە خۆشی و مەینەتی، سەرکەوتن و شکست، لە دەستپاکی و خیانەت، لە پرۆپاگەندە و گێچەڵپێکردن، لە ڕاستیی و ساختەکاری، لە هۆشیارکردنەوە و چەواشەکاری.(Olayiwola, 2013, 25)

لەلایەکی دیکەوە، ئەو هێز و کاریگەرییەی میدیا، سەرنجی لایەنەکانی دیکە ڕادەکێشێت بۆ قۆزتنەوە و بەکارهێنانی لەپێناو گەیشتن بە ئامانج و مەرامەکانیان، خاوەن مەبەست و باکگراوندە سیاسییەکان دەست ناپارێزن لە دەستگرتن بەسەر ئەو"دەسەڵاتە کارا و دەسترۆیشتوە"ی میدیا، ئەو دەسەڵاتە تەنها بۆ میدیا بەردەستە لەبەرامبەر جەماوەرێکی ئاشکرا و ناسراو، سیاسەتمەدارەکان دەیانەوێت "لاپەڕەی سپی عەقڵی جەماوەر پربکەنەوە بەوەی خۆیان دەیانەوێت، دەیانەوێت ئەو عەقلە لەژێر ڕکێفی خۆیان بێت بە تەنها، بە تەنها خۆیان یارێی بە وێژدانیان بکەن، کۆنترۆڵی سەلیقە و خەیاڵیان بکەن،...بەو چەشنەی دەیانەوێ پێکیبهێنن، دایبڕێژن و ڕەنگی بکەن بە هەقیقەت یان ساختەکردن، بە جددیەت یان گاڵتەوگەپ، بە بیرۆکە و واقیع یان وەهم و خەیاڵ، بە جوانی یان

RJH Raparin Journal of Humanities A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

ناشیرینی، بە ئارامی یان ترس و بیم، بە خۆشەویستی یان ڕق و کینە" ئەمە وەسف و دیدگای هەندێك لە شارەزایانە، کە لە ڕەهەندە واقیعی و پراکتیکیەکەیەوە، نمونەی یەکجار زۆر لەمجۆرە میدیایە لە دەوروبەردا هەن. (زرنوقة، 2023)

لە پاڵ ئەم دو لایەنەشەوە، چەندین تیۆری جیاواز هەن باس لە کاریگەرییەکانی میدیا دەکەن وراڤەی دەکەن، تێۆری "تەکنەلۆژی" بۆ نمونە وایدەبینێت میدیا خەڵك فێردەکات چۆن بیربکەنەوە و چۆنیش کاروباری ژیانیان ڕێکبخەن، تێۆرە ڕەخنەییەکانیش وای لێکدەدەنەوە میدیا لەڕێگەی واقیعەوە هۆشیاریمان ساختەدەکات، ساختەکردنی هۆشیاریش لەڕێی واقیعەوە، دەربڕێنێکی مەجازیە و مەبەست لێی ڕازاندنەوەی واقیعە و بانگەشەی بەرزی کوالێتی واقیع دەکات، تیۆرە ڕەخنەییەکان بە هەمو شێوەیەك ئەو بیرۆکەیە ڕەتدەکەنەوە میدیا گۆڕانکاری دەکات، بە مانایەکی ناڕاستەوخۆ، ئەو تیۆرانە پێیان وایە کاری میدیا بریتییە لە دوبارە کۆپیکردنەوەی واقیع و ئەو دۆخەی ئێستا لە ئارادایە، یان چاوپۆشی دەکات لەوەی ڕێگەی جێگرەوە بۆ بیرکردنەوە و ڕەفتار پێشکەش بکات. دواتر تیۆرە "سایکۆلۆژییەکان" بۆ ئەوە دەچن میدیا پردی پەیوەندیی و هاوبەشی کلتوریی جەماوەرە، میدیا ئەرکی بژارکردنی بیرۆکەکان لە هەڵە و لادان و پاڵفتەکردنی ڕەفتار بەجێدەگەیەنێت بۆ ئەوەی تاك بەرەو باوەشی کۆمەڵگە ببات و لەسەر ڕێگە گشتیەکە بیهێڵێتەوە، لە ڕاستییدا، کۆی ئەو تیۆرانە هێز و هەژمونی میدیا بەرجەستە دەکەن و زەقی دەکەنەوە، لێرەوە -بێ ئەوەی بزانێت- بایەخی میدیا دەردەخات بانگەشەی ئەوە دەکات کۆنترۆڵی میدیا بکرێت و بەکاربهێنرێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان.(Katz, 1980, 128)

دەکرێ باشتر لە هەڕەشەی میدیا بۆ سەر ئاسایش تێبگەین،ئەگەر توانیمان لە ڕوانگەی ماهیەتی میدیا و سروشتی پێکهاتەی ئاسایش و جۆری پەیوەندیی نێوانیان سەیری بکەین، میدیا بە سروشتی خۆی، قەوارەیەکە برسی پارەیە، یان وەك هەندێك وەسفی دەکەن بەوەی پێشەگەرە لە دروستکردنی پارە، میدیا بە سروشتی خۆی بونێکی کنجکاو و دەستێوەردەر و تایبەتمەندە بە سیخوڕیکردن، تایبەتمەندە بە هەمو کاروباری مرۆڤ، سیخوڕی بەسەر هەمو مەترسییەکان دەکات، بۆیە بە تەپڵی پارە و دەهۆڵی دەسەڵات و ئاوازی بەرژەوەندییەکان سەما دەکات، مانا شاراوەکە ئەوەیە، ئامادەیی تێدایە بۆ بەگەڕخستن و ئەنجامدانی هەر ئەرك و ڕۆڵێك، مادام لە بەرامبەریدا شتێکی دەستدەکەوێ. (Katz, 2012, 149

ئاسایش بە تەواوی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانییەوە، دەکەوێتە چوارچێوەی بایەخپێدانەکانی میدیا، پارێزگاری لە بون و قەوارەی دەوڵەت، سەربەخۆیی ئیرادەکەی، یەکڕیزی نیشتمانی، سەقامگیری سیاسی، گونجان و تەبایی کۆمەڵایەتی، هاوولاتیبون، و کوالێتی ئەدا و بەرپرسیاریەتی گشتی...هەمو ئەمانە ڕەگەز و توخمی گرنگن لە بونیادی ئاسایشی نیشتمانی، لە هەمان کاتدا بوارێکی بە پیت و فەڕی کاری میدیایی و ئامانجی بەنرخن بۆ ڕومااڵ و بەدواداچونە میدیاییەکان. (زرنوقة، 2023)

وەك دەڵێن شەیتان لە وردەکارییەکانی ئەو پەیوەندییەدایە، لێرەدا هەندێ لەو وردەکارییانە دەخەینەڕو(Busan, 1991, 432-433**)(**Baldwin, 1997, 6**)(Ali, 2013, p.126)(**Kepplinger, 2007, 12**):**

1. لەسایەی ناڕوونی چەمکی ئاسایشی نیشتمانی -کە لە بنەڕەتدا خۆی وایە- پێویستی ڕونکردنەوە و چەسپاندنی زیاتر و زیاتر دەبێت، لەبەرئەوەی بەهۆی ئەو ناڕونییەوە دەرفەت دروستدەبێت بۆ لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی زیاتر، هەروەك لە سایەی ئەو ناڕۆشنییەوە، پانتایی ڕێککەوتنی گشتی کەمدەبێتەوە دەربارەی ناوەڕۆك و میکانیزمەکانی. لێرەدا، ڕۆڵی میدیا دەردەکەوێت -لەڕێگەی ئەرکەکانییەوە- هەڵوەستە لەسەر ڕونکردنەوەی ئەو چەمکە و نوێکردنەوەی بەردەوامی ڕەهەندەکانی بکات و کاربکات لەسەر چەسپاندنی لە هۆشیاری گشتی و خولقاندنی کۆدەنگی نیشتمانی لەبارەی کرۆك و میکانیزمەکانی پاراستنی. لە ڕاستیدا، ناڕوونی ئەو چەمکە وا دەکات بەگەڕخستن و قۆزتنەوەی چەمکەکە ببێتە "بازرگانی" و چەندین لایەن بۆ ئامانجی دیاریکراو بەشێوەی جیاجیا ئەنجامی بدەن، هەریەکە و بەوشێوەی خۆی دەیەوێ لێکدانەوەی بۆ دەکات و لەو دۆخ و بابەتانەی خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی دەکات.
2. مانای بابەتییانەی چەمکی ئاسایشی نیشتمانی پاراستنی بەها باڵاکانی کۆمەڵگەیە لە هەر هەڕەشەیەك، ئەو بەهایانە ماناکانی بون، سامان و سەرچاوەکانی داهات، ئازادییەکان، خۆشگوزەرانی وسەقامگیری لەخۆیدەگرێت، ئەم مانایانە دەگۆڕدرێن بۆ هەستێکی خودی لای هاوولاتی،لەم بارەشدا، گرنگترین مانای ئاسایش لای خەڵك دەبێتە هەستکردن بە ئاسایش و خۆلادان لە مەترسی و نەبونی هیچ هەڕەشەیەك لەسەر ژیان و بەهاکانیان، کاتێکیش ئاسایش پەیوەندییدار دەبێت بە بابەتی ڕادەی هەستکردن و ئاستی تێگەیشتنو لەوکاتەدا گۆڕەپانەکە لەبەردەم کاریگەریی میدیا واڵا دەبێت، کە دەتوانێت پەیامی هێورکردنەوە و دڵنیایی یان وروژاندنی ترس و نیگەرانی ئاڕاستەی هاوولاتیان بکات، بە مانایەکی دیکە، ئاسایشی نیشتمانی گوزارشتە لە "کاڵا و خزمەتگوزارییەکی گشتی" میدیا پێشکەشی جەماوەری دەکات، بەو مانایە نا کە ئەنجامی دەدات و بەڵکو بە مانای ئەوەی بۆیان وێنادەکات و ڕەهەند و لایەنەکانی شیدەکاتەوە.

3. رۆڵی میدیا لە کاتی قەیرانەکاندا بۆ خۆی مەترسیدارە، لەوکاتەدا، جەماوەر بە پەرۆشیەکی زۆرەوە چاوەڕێی ئەو هەواڵ و زانیارییانەیە میدیا بڵاویدەکاتەوە، لەو ڕێگەوە هۆشیاری هاووڵاتیان پێکدێنێت سەبارەت بە سروشتی قەیرانەکە و ماجەرای زۆر لە پرس و بابەتەکان دیاریدەکرێت، لەونێوەندەدا، بۆچونێك هەیە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، لەوەی لەکاتی جەنگ و قەیراندا پەیوەندی میدیا و ئاسایشی نیشتمانی دەگاتە بەرزترین ئاستی و ڕونتر ڕۆڵی میدیا دەردەکەوێت لە پێکهێنان و ئاڕاستەکردن و هۆشیارکردنەوەی ڕای گشتی.

4. میدیا دەستێکی باڵای لە داڕشتنی تێگەیشتن و دنیابینی ئەوانە هەیە سیاسەتی گشتی دادەڕێژن و ئەنجامەکان دیاریدەکەن، ئەمە مانا و کرۆکی ڕۆڵی میدیایە لە دانانی ئەجێندای نیشتمانی، میدیا ڕاستەوخۆ هێڵە گشتیەکانی ئەو ئەجێندا نیشتمانییە دادەڕێژێت لەڕێی کاریگەریی دروستکردن لەسەر بڕیاربەدەستەکان، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش لەڕێگەی کاریگەری نواندن لەسەر ڕای گشتی -ڕای گشتی وەك هێزێکی کاریگەر لەسەر ئەجێندای نیشتمانی- میدیا ڕایگشتی پێکدێنێت و ئاڕاستەکانی دیاریدەکات و تێگەیشتنی جەماوەر بەرامبەر بەو ئەجێندایە لە چێوە دەدات و ئاڕاستە و ڕەهەندەکانی ڕەنگڕێژدەکات.

2.3. مەترسییەکانی میدیای دیجیتاڵی لەسەر ئاسایشی نیشتمانی

شارەزایان جەخت لە ڕۆڵێکی گەورە و یەکلاکەرەوەی میدیای دیجیتاڵی دەکەنەوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ مەترسی و هەڕەشەکان لەڕوی ئەرێنی و نەرێنییەوە، بەشێکی زۆریش باوەڕیان وایە میدیا لە سەردەمی جیهانگیرییدا بوەتە چەکێکی وێرانکەر لە ڕوی دژمن بەهەمان شێوە لە دامێنی نیشتمان. ئەمڕۆ کامێرا و کۆمپیوتەر بونەتە بەشێك لە چەکە بەکارهاتوەکانی جەنگ...لە گۆڕەپانەکانی تیرۆر و لەکاتی قەیران و کارەساتە سروشتییەکان لە مەیدانی تاواندا،هەروەها لە ساتەوەختی ناسەقامگیری سیاسی و ئاژاوەگێڕی و شلەژاندا، هەروەك لە کاتە ئاساییەکاندا ترسناکە، لەبەرئەوەی میدیا زۆربەی کات هەست و سۆزی جەماوەر دەوروژێنی و هەندیجاریش تورەی دەکات. (Kepplinger, 2007, 20)

دەکرێ گرنگترین مەترسییەکانی میدیای دیجیتاڵی لە چەند خاڵێکدا بخرێتەڕو، لەوانە (Papandrea, 2011, p.124) (Hussain, 2008, 5):

یەکەم: لە سەرەتادا لەگەڵ دەرکەوتنی میدیای دیجیتاڵی تێبینی ئەوە دەکرێت خەڵك زیاتر بۆ بەدەستهێنانی هەواڵ و زانیاری پشتیان پێبەست، بەوهۆیەشەوە کە میدیای دیجیتاڵی بە دو تایبەتمەندیی سەرەکی دەناسرێتەوە لە بڵاوکردنەوە و ئاڵوگۆڕی زانیاری، ئەمە وایکرد فەزایەکی لێوانلێو لە پشێوی و بەریەککەوتن و دژیەکبونی زانیاری بێتە ئارا، بە تایبەتی بەهۆی بونی پانتاییەکی بەرفرەوان بۆ هەواڵی نامۆ و سەیر و گرنگیدان بە ڕەنگکردنی زانیاری بە مەبەستی ڕاکێشانی وەرگر و بەکارهێنەری زیاتر.

دووەم: میدیای دیجتاڵی دەرفەتێکی گەورە لەبەردەم گروپە تیرۆریستیەکان دەڕەخسێنێت بۆ پەیوەندییکردن بە جەماوەرێکی بەرفرەوان و ڕاکێشانی بەشێك لەوان بۆ نێو ڕیزەکانیان و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لەگەڵیان و وەرگرتنی هەندێ زانیاری لێیان کە ڕەنگە نهێنی و قەدەغە بێت.

سێیەم: میدیای دیجیتاڵی بایەخ بە بڵاوکردنەوە و دوبارەکردنەوەی تاوان دەدەن و هەوڵدەدەن لە دیمەنی ترسناك و تۆقێنەر وینەی بگرن، ئەمەش لە دیدگای هەندێك بڕیتییە لە "بازرگانیکردن بە تاوان"، زۆربەی بۆچونەکانیش لەگەڵ ئەوەدان بڵاوکردنەوەی ئەو ناوەڕۆکە، کاریگەرییەکی دەرونی نەرێنی قوڵ دروستدەکات بەهۆی بڵاوکردنەوەی ترس و بیم و دڵەڕاوکێ لەنێو هاووڵاتیاندا.

چوارەم: ڕێکخراوەکانی تاوانکاری میدیای دیجیتاڵی بەکاردەهێنێت وەك ئامرازێکی پەیوەندییکردن و ڕێکخستن بۆئەنجامدانی چالاکیە شاراوە و نهێنییەکان،ئەم چالاکیە نهێنیانە دو جۆر تاوان لەخۆیان دەگرن، یەکەمیان زیاتر پەیوەندی بە زانیارییەوە هەیە، لەوانە بڵاوکردنەوەی بەدرەوشتی و لەشفرۆشی، دزینی زانیاری، خۆکردنە کەسانی دیکە و بڵاوکردنەوەی ڤایرۆس، دووەمیش پەیوەندییدرە بە تاوانە باو و ناسراوەکان، وەك بازرگانیکردن بە مرۆڤ، بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر و بابەتەکانی دیکەی ئاڵودەبون، دزی و فرتوفێل وئاڵوگۆڕکردنی بەڵگە و دیکیۆمێنتی سیخورپکردن.

پێنجەم: میدیای دیجیتاڵی زەمینە و فەزایەکی گرنگە بەدەست بزوتنەوە ناڕازی و یاخیوەکان؛ گروپە شۆرشگێڕ و یاخیبوەکان ئەو ئامرازانە بەکاردێنن لە ئاڕاستەکردن و هاندانی جەماوەر و ڕێکخستنی خۆپیشاندان و ئەنجامدانی ڕێپێوان و بایکۆتکردن و جێبەجێکردنی کار و چالاکی پەیوەندییدار.

شەشەم: ڕۆژ بە ڕۆژ مەترسی بڵاوکردنەوەی زانیاریەکانی پەیوەست بە ئاسایشی نیشتمانی زیاتر دەبێت، ڕەنگە دۆسیەی دزەپێکردنە بەناوبانگەکەی "ویکیلیکس" لەلایەن جۆلیان ئەسانگ باشترین نمونە بێت، ئەم بابەتە لەکاتی خۆیدا دەنگدانەوەیەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا و بوە مایەی مشتومڕێکی زۆر لەسەر ئاستی سیاسی و ئاسایشی و میدیایی. ئەوکات زۆرێك هل بۆچونانە لەسەر

ئەوە کۆك بون ئاشکراکردنی زانیاری نهێنی و دزەپێکردنی دیکیۆمێنتە هەستیارەکان مەترسیەکەی کەمتر نییە لە مەترسی سیخوڕیکردن، بۆیە پێویستە بە تاوان بناسێنرێ، بۆ ئەمەش پێویست دەکات پۆلینی ئەو زانیاریانە بکرێ کە دەچنە خانەی پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی.

بێگومان کۆدەنگیەك هەیە لەسەر ئەوەی میدیای دیجیتاڵی ئامرازێکی کاریگەر و بایەخداری گۆڕانی سیاسیی وکۆمەڵایەتییە، بەدڵنیایەوە، لە ئێستادا، گرنگترین کەرەستەی گۆڕینی نەخشەی واقیعی سیاسییە، بەڵام بێگومان هیچ ستراتیژیەتێك بۆ ئەو گۆڕان و نەخشە نوێیە خوازراوە پێشکەش ناکات و سیما و هێڵە گشتیەکانی دیارناکات، میدیای دیجیتاڵی یەکێك لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی چەندین شۆڕش و خۆپیشاندان و پشێوی بوە لە چەندین وڵاتی دونیا، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ڕۆڵی سەرەکی ئەو میدیایەش زیاتر لەوەدا چڕبۆتەوە، کە کاتی ڕودانی ئەو شۆڕش و پشێویانە خێراتر بکات و ڕودان و ڕێکخستنیان ئاسانتر بکات و هۆکارەکانی ڕودانیان بە هەمو لایەك بگەیەنێت، ئەو هۆکارانە بڵاوبکاتەوە و هاوولاتیانی پی بارگاوی بکات، لەبەرئەوەی خۆی ئەو هۆکارانەی نەخولقاندوە.(Ben Mussa, 2013, 711-713)

لە هەوڵی بەرەنگاربونەوەی ئەو مەترسیانە، لەو وڵاتانەی شۆڕش و دۆخی ناسەقامگیریان بەخۆوە بینی، حومەتەکان پەنایان بردە بەر پچڕاندنی هێڵی ئینتەرنێت و داخستن و قەدەغەکردنی میدیای دیجیتاڵی، ئەم هەنگاوە سەرباری ئەوەی هەڵە و نادروست بو، کاردانەوەی پێچەوانەوەشی هەبو لە مەودای نزیکدا، ئاکامی نەرێنی لێکەوتەوە لە مەودای دوردا، لەبەرئەوەی پچڕاندنی پەیوەندییەکانی ئینتەرنێت نەیتوانی ڕێگری لەو کارانە بکات، بەڵکۆ بوە مایەی زیاتر بڵیسە سەندنی، هەروەك ئاماژەشە بۆ ئەوەی دەسەڵات لە دۆخێکی ناهەمواردایە، پێشێڵکردنی ئەو یاسایانەیە کە دەبێت لە بنەڕەتدا دەسەڵات بیپارێزێت، دەرهاویشتەی نەخوازراوی ئابوریشی هەیە لەو زیانەی بانکەکان و ئاڵوگۆڕی بازرگانیی ئەلیکترۆنی توشی دەبێت کە زۆربەی کارەکانی لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەبێت.(Ben Moussa, 2013, pp.722-723)

میدیای دیجیتاڵی وەك چۆن هەڕەشە و مەترسییە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی، دەرفەتێکیشە بۆ پاراستنی، لەبەرئەوەی دەکرێ وەك کەرەستەی بەرگریکردن یان هێرشکردن بەکاربهێنرێت، بە مەبەستی خۆپارێزی و بەرچاوڕونی و هۆشداریدان، واتە سودوەرگرتن لێی بە مەبەستی پێشبینیکردنی پێشوەختە، نمونەی هێرشکردن وەك کاریگەری و پڕوپاگەندە و فریودان، بەمشێوەیەی لای خوارەوە:

میدیای دیجیتاڵی دەکرێ بۆ مەبەستی هۆشداریدان و بەرچاوڕونی سودی لێوەربگیرێت، بەو مانایەی وەك کەرەستەیەکی پێبینیکردن و ئایندەناسی بەکاربهێنرێت، ئەمەش ئاستی لەناکاوی هەڕەشەکان کەمدەکاتەوە، و ئاست و توانای خۆئامادەکردنیش زیاتر دەکات بۆ پێشهاتی لەناکاو لە ڕاستیدا، بابەتی پێبینیکردنی ئایندە لەڕوی زانستیەوە کارێکی ئاسان و ورد نییە، بەڵام میدیای دیجیتاڵی لەو ڕوەوە، دەتوانێت ئەرکێکی هەوالگری گرنگ و کەم تێچو بەجێبگەیەنێت، بەوپێیەی سەرچاوەیەکی زانیاری بەسودە بۆ دامەزراوەکانی ئاسایش و دامەزراوە مەدەنییەکانیش، هەمو بەکارهێنەرێك کۆمەڵێك هێما و داتا جێدێڵێت ئاماژەن بۆ ناسنامە و خولیا و توانا و کار و پەیوەندییەکانی، ئەو زانیاریانە دەکری کۆبکرێنەوە و شیبکرێنەوە.

هەروەها چاودێریی بەردەوام و قۆڵ سودی دەبێت لە هۆشداریدان لەبارەی مەترسییە هەنوکەیی و ئایندەییەکان کەهەڕەشەن بۆ سەر ئاسایش، ڕێکخراوەکانی تاوانکاری و گروپە توندڕەوەکان و وڵاتانی نەیار میدیای دیجیتاڵی بەکاردێنن، لەبەرئەوە شیکردنەوەی ناوەرۆکی ئەو ئامرازانە لەلایەن دەزگا هەوالگریی و تەناهییەکان بایەخی زۆری هەیە لە "هۆشداریدانی پێشوەخت" ، ئەو زانیاریی و نامانەی تاوانکار و یاخیبوەکان ئاڵوگۆڕی دەکەن بۆ نانەوەی پشێوی و تووندوتیژی دەکرێ لەو ڕێگەیەوە ببینرێ و هەستی پێبکرێ، بەهەمان شێوە ڕێکخراوە تاوانکارەکان ئاماژەگەلێك جێدێڵن کە نیاز و مەرامەکانیان دەردەخات بۆ ئەنجامدانی تاوانێکی دیاریکراو، شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو ڤیدیۆیانەی بڵاودەکرێنەوە دەکرێ سودی لێوەربگیری بۆ تێگەیشتن لە شێوازی کارکردنی ئەو ڕێکخراوانە لە تاوانکاری و شوێن و جۆری پەیوەندییکردنیان و لایەنگرانیان.

هەروەك دەکرێ میدیای دیجیتاڵی بەکاربهێنرێ بۆ هۆشداریدانی ستراتیژی، ئەمەش هۆشداریدانێکی مامناوەند و دورمەودایە، لەڕێگەی دیاریکردنی ئاڕاستەی گروپە نەیارەکان و پشکنینی بژاردەکانیان، شیکردنەوەی نوسین و گفتوگۆکانیان لەسەر پلاتفۆرمەکان، بڕێکی زۆری زانیاری گرنگ بەردەست دەبێت سەبارەت بە ئاڕاستەکانی ئایندەی زۆرێك لەو گروپە مەبەستدارانە و سروشتی پرس و مژارە گشتیەکان.(Glass and Colbaugh, 2012, 10)

میدیای دیجیتاڵی وەك کەرەستەیەکی کاریگەری نواندن و پڕوپاگەندە و فریودان بەکاردەهێنرێت، بە مانای کاریگەری نواندن لە تێگەیشتنی تاکەکان و لە چێوەدانی بیرکردنەوەیان و دیاریکردنی بژاردەکانیان وەك چۆن هەنگاودەنێین لە پێکهێنانی ڕای گشتیدا. هەروەها دەکرێ بەکاربهێنرێ لەوەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕۆڵی هەبێت لەدەستوەردان لە دروستکردنی بڕیاری نەیارەکان

لەڕێگەی کۆنترۆلکردنی زانیاری و چێوەی شیکاری تایبەت بەوان و کاریگەریی نواندن لەسەر ئەو کەسانەی نزیکن لە بڕیاربەدەستەکان، یان بە ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی کاریگەری نواندن لەسەر ئەو گروپانەی کاریگەرییان لەسەر ڕای گشتی هەیە، وەك ڕێکخرستنە سیاسییەکان و سەندیکاکانی بازرگانی و کرێکاران و ...هتد. زۆرێك لە دەوڵەتان لەسەروی هەموانەوە ئەمریکا بەرنامەی تایبەت بە پڕوپاگەندە و کاریگەری نواندنی هەبو، لە زۆربەی بازنە و بەشەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە تیمێکی تایبەت بەو کارە هەیە، بۆ هەمان مەبەست ناوەندی توێژینەوەی تایبەت هەیە لە هیندستان و کۆریای باکور و ئیسرائیل.

بەشێوەیەکی گشتی بابەتەکە پەیوەستە بە چۆنیەتی بەکارهێنانی میدیای دیجیتاڵی و ئەو ئامانجانەی لەپێناویدا بەکاردەهێنرێت و توانای حکومەتەکان لە سودوەرگرتن لەو ئامرازانەی وەك چەکێکی دوسەر وایە، بە مانایەکی دیکەو پەوەیستە بە توانای حکومەتەکان لە دەستڕاگەیشتن و چونە نێو تەواوی سەکۆ و پلاتفۆرمەکانی میدیای دیجیتاڵی و کارلێککردن لەگەلیان، لەڕێگەی سازکردنی زەمینە و دۆخێك بۆ متمانەی دولایەنە، ڕاستکردنەوەی هەڵەکان، بەرپەرچدانەوەی دەنگۆکان، وەڵامدانەوە و ڕەخنەگرتن لە ناوەڕۆکی خراپ و ئاست زم، پێشکەشکدنی ناوەڕۆکێکی ئاست بەرز و دروستکردنی مەرجەعیەتێك بۆ ئەوەی لەکاتی زۆربونی قسە و قسەلۆك بۆی بگەڕێنەوە.(Montagnais, 2018, 54)(Sedler, 2007, 17)

3. دەرەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیار.

3.1. دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە:

1- دۆخ و فاکتەرە سیاسی و یاسایی و ئەخلاقی و پیشەییەکان ڕەنگدانەوەی قولیان هەیە لەسەر پەیوەندی نێوان میدیا و ئاسایشی نیشتمانی و کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی میدیا لەسەر ئاسایشی نیشتمانی.

2- بەوپێیەی میدیا لە بنەڕەتدا کایەیەکی مشەخۆرە و زۆربەی کات سەرچاوەی ئابوری و داهاتی سەربەخۆی نییە، بۆیە بە ئاسانی لەلایەن کایە و لایەنە سیاسی و ئابوورییە ناوەخۆیی و دەرەکییەکان دەستەمۆدەکرێت و لە دڕی ئاسایشی نیشتمانی بەکاردەهێنرێت.

3- لە هاوکێشەی هێزی گشتگیریی دەوڵەتدا، میدیا توخم و ژمارەیەکی بەهادارە و هەوێنی سەرخستن و بەهێزکردنی ئاسایشی نیشتمانییەتی.

4- بەهۆی ئەوەی میدیای دیجیتاڵی بۆ هەموکەس و لایەنێك بەردەستە و بە ئاسانی و تێچویەکی کەم دەتوانرێت ناوەڕۆکی زیانبەخش بە ئاسایشی نیشتمانی و ڕوخێنەر بلاوبکاتەوە، پە هەمان شێوەش، دەکرێ وەك ئامرازێکی کارای پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی سودی لێوەربگیرێت.

5- ناڕوونی چەمکی ئاسایشی نیشتمانی زۆرجار زیان بە پەیوەندیی نێوان میدیا و ئاسایشی نیشتمانی دەگەیەنێت، بەتایبەتی ئەگەر ئەو پەیوەندییە لە چوارچێوەیەکی کراوە و شەفاف و یاساییدا ڕێکنەخرابێت.

6- کاریگەرییەکانی میدیا لەسەر ئاسایشی نیشتمانی لە کاتی جەنگ و قەیران و کارەساتە سروشتییەکان زیاتر دەبێت، بەهۆی ئەو ئەرك و بەرپرسیاریەتییەی لە میدیا چاوەڕوان دەکرێت لە ئاستدۆخە بابەتییەکە، لەبەرئەوە ئەو پەیوەندییە دەگاتە لوتکەی بایەخ و هەستیارییەکەی.

3.2. ڕاسپاردە

1- دەبێت چوارچێوەیەکی یاسایی ڕون بۆ ڕێکخستنی ئەو پەیوەندییەکی دروست و هاوسەنگ لەنێوان میدیا و ئاسایشی نیشتمانی.

2- دەبێت لێکتێگەیشتن و پەیوەندی بەردەوام هەبێت لەنێوان دامەزراوەکانی میدیا و دامەزراوە باڵاکانی دەوڵەت، بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی ستراتیژیەتییەکی نیشتمانی ڕۆڵی تەواوکاریی و هاوکارانە ببینن.

3.3. پێشنیار

1- بابەتی پەیوەندیی نێوان میدیا و ئاسایشی نیشتمانی چ وەك توێژینەوەی تیۆری یاخود پراکتیکی گرنگی پێویستی پێنەدراوە، سەرباری ئەوەی زیاتر لە سێ دەیەیە لەنێو ئەزمونکردنی ئەو پەیوەندییەداین، بەڵام وەك پێویست وەسف و پێوانەی ئەو دوگۆڕاوە نەکراوە، بۆیە پێویستە لە توێژینەوەکانی میدیای سیاسییدا زیاتر ئاوڕ لەم بوار و مەیدانەی توێژینەوە بدرێتەوە.

4. لیستی سەرچاوەکان

Goldman, E. O. (2014,) New Threats, New Identities and New Ways of War: The Sources of Change in National Security Doctrine. Columbia University, Routledge.

Matthew G. Devost , M. G. (1995) National Security in the Information Age, Kindle Edition, MA Thesis, Gratuate college, University Of Vermont (online), Accessed at 19l5l2025 https://www.devost.net/papers/national_security_in_the_information_age.html

مستەفا، عەبدولخالق ئیبراهیم (2025) پەیوەندی نێوان میدیا و ئاسایشی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە (23) شوباتی 2025، سلێمانی.

زرنوقة، صلاح سالم (اغسطس 2023) أولويات القضايا الأعلامية في الوطن العربي حماية الأمن القومي مثالا ، موقع مركز دراسات الوحدة العربية، تم المشاهدة بتأريخ 2025/5/16، على الرابط التالي: https://caus.org.lb/%D8%A3%D9%88%D9%84%D9%88%D9%8A%D8%A7%D8%AA-%D8%A7%D9%84%D9%82%D8%B6%D8%A7%D9%8A%D8%A7-%D8%A7%D9%84%D8%A5%D8%B9%D9%84%D8%A7%D9%85%D9%8A%D8%A9-%D9%81%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D9%88%D8%B7%D9%86-%D8%A7%D9%84/ سەردانیکردن لە رێکەوتی 2025/1/20.

Yawar Khan, A. (2013) «Impact of Mass Media in Pakistan on Social, Ethical and Economic Grounds,» International Journal of Economic Research, vol. 4, no. 3, pp. 3-17.

مكاوي، حسن عماد (2015) الأعلام و معالجة الأزمات، ط3، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة.

Shirky, C. (2011) The Political Power of Social Media, Foreign Affairs, vol. 90,1 pp. 28-40.

Noelle-Neumann, E. (1973) Return to the Concept of Powerful Mass Media,» in: H. Eguchi and K. Sata, Studies of Broadcasting: An International Annual of Broadcasting Science (Tokyo: Nippon Hoso Kyokai, 1973) pp. 102-123.

Pernisco, N. (2010) Social Media: Impact and Implications in Society, Student Journal for Media Literacy Education, vol. 1, no. 1, pp. 3-16.

Bryant, J. Zillmann, D. (2002) Media Effects, Lawrence Erlbaum Associates, New Jersey.

Olayiwola, Abdul – Rahman O. (2013) Media and Security in Nigeria,» European Journal of Business and Social Sciences, vol. 2, no. 9, pp. 22-23.

يوسف، حنان (2006) الأعلام و السياسة علاقة ارتباطية، ط2، الأطلس للنشر والأنتاج الأعلامي، القاهرة.

Kumar, R. (2011) Mass Media Can Effect Socio-Political Changes: An Analysis, Global Media Journal (Indian Edition) pp. 1-15.

العامري، السعدي، محمد حسن ، د.عبدالسلام محمد (2010) الأعلام و الديقراطية في الوطن العربي، دار العربي, القاهرة.

Ali, A. D. (2013) The Role of the Media in National Security of Nigeria 1969-1999,» Arabian Journal of Business and Management Review, vol. 2, no. 12.

Katz, E. (1980) On Conceptualizing Media Effects, in: Thelma McCormack, ed., Studies in Public Communication (Greenwich, CT: JAI, Press, vol. 1, pp. 119-141.

Katz, E. (2001) Lazarsfeld's Map of Media Effects, International Journal of Public Opinion Research, vol. 13, no. 3, pp. 272-273 and 278.

Busan, B. (1991) New Patterns of Global Security in the 21st Century, International Security, vol. 67, no. 3 (1991) pp. 432-433.

Baldwin, D. A. (1997) The Concept of Security,» Review of International Studies, vol. 23, no. 1.

Ali, Z. S. (2013) Media Myths and Realities in Natural Disasters, European Journal of Business and Social Sciences, vol. 2, no. 1.

Kepplinger, H. M. (2007) Reciprocal Effects: Toward a Theory of Mass Media Effects on Decision Makers,» The International Journal of Press/ Politics, vol. 12, no. 2 (April 2007), pp. 3-23.

Nazir Hussain, «The Role of Media in National Security: A Case Study of 1998 Nuclear Explosions by Pakistan,» Research Report; 20 (London: South Asian Strategic Stability Institute, June 2008), p. 5, <https://www.files.ethz.ch/isn/128264/Report-20.pdf>.

Papandrea, M. Rose. (2011) The Publication of National Security Information in the Digital Age, Journal of National Security Law and Policy, vol. 5, no. 1, pp. 119-130.

DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130

Yang, M. (2013) The Collision of Social Media and Social Unrest: Why Shutting Down Social Media is the Wrong Response?, Northwestern Journal of Technology and Intellectual Property, vol. 11, no. 7, pp. 04-728.

Ben Moussa, Mohamed. (2013) From Arab Street to Social Movement: Retheorising Collective Action and the Role of Social Media in the Arab Spring, Westminster Papers in Communication and Culture, vol. 9, no.2, pp. 47-70.

Glass, K. Colbaugh, R (2012) Estimating the Sentiment of Social Media Content for Security Informatics Applications, Security Informatics, vol. 1, no. 1, pp. 1-16.

Montagnais, A. (2018) Social Media Impact on National Security, Research Paper; no. 11 (Rome: Italian Ministry of Defense, Centro Militare di Studi Strategici,), pp. 19-32,

Sedler. R. A. (2007) The Media And National Security, Wayne State University Law School Legal Research, Paper Series No: 08-20

الحازمي، مبارك بن واصل (2021) الأعلام العربي و الأمن الوطني الرؤى و التحديات...نحو أجندة اعلامية مستقبلية، المجلة المصرية لبحوث الأتصال الجماهيري،عدد مايو. ص ص.9-45.

السبيعي، سعد بن عبيد (2013) الأعلام الجديد و دوره في تعزيز الأمن الوطني في المملكة العربية السعودية، اطروحة دكتوراه منشورة على شبكة الأنترنت، جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية، الرياض.

العامري، ممدوح سليمان (2008) العلاقة بين الصحافة الأردنية و الأمن الوطني، رسالة ماجستير منشورة على الأنترنت، جامعة الشرق الأوسط، عمان.

عوض الله، غادة أشرف السيد (2019) أثر الأعلام المصري على الأمن الوطني، مجلة كلية الآداب، جامعة سوهاج، (51)، الجزء الثاني، ص ص.335-356.

مستەفا، عەبدولخالق ئیبراهیم (2020) رۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بە ئاسایشی نیشتمانی لە جەنگی دژی داعش لە هەرێمی کوردستاندا، تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.